## دیمانەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم

هاوڵاتی:
با لە کتێبەکەتانەوە دەس پێکەین، ئەو کتێبەی لە سەر فیدراڵی و سیستەمی سیاسی عێراق نوسیوتە، پاش ئەوەی دەستت لە پارتی کێشاوەتەوە، دەستت بە نوسین کرد، ئایا بە نیازی بگەڕیتەوە بوَ ناو جەغزی سیاسی یان هەر خەریکی نوسین دەبی... ؟
جەوهەر نامیق:
دوور کەوتنەوە لە سیاسەت بو ئێمە مانان وا ئاسان نیە. پیشەمان سیاسەتە. پێشان سەرقاڵی کاروباری حیزبی وئیداری بووین مەجالی نووسین کەمتربوو، زۆربەی بابەتەکان یان بۆ حیزب بوو یان بۆ ئیدارە... ئێستا فرسەتێکی باشە کە لەسەر ئەو بابەت و ڕووداوانە کە قەناعەتم پێی هەیە بنووسم.. چ وەکوو رووداوی سەردەم وگەرم، یان ئەوەی وەکوو مێژوو....

هاوڵاتی: لە لاپەری 11 کتیبەکدا ئەڵێت راپەرین بە تەزکییەی ئەمریکا کرا، ئەم بۆ چونە بۆچونێکی تازەیە لە ناو سیاسیەکاندا، چونکە ئەوان پێیان وایە راپەرین خۆمان کردمان.. بۆ؟
جەوهەر نامیق: من نەم نەمنووسیەوە ونە مووتووە وناڵیم، راپەڕێن بە تەزکییەی ئەمریکا کرا. من نووسیوەمە بە چراغی سەوزی هاوپەیمانان بەرپابوو وهەر بە چراغی سەوزی ئەوانیش وتەحدیدا ئیدارەی (بوش) ی باوك، رژیمی سەدامی خۆینرێژ، دەسەتی کرایەوە بۆ دژە هیرشەکەی، دەرحەق بە خەڵکی کوردستان وپێشتریش خەڵگی شیعەی خواروری العراق. ئاشکرایە هەر پاش داگیر کردنی کوێت لەلایەن رژێمی نەفرەتلێکراوی سەدامەوە، بریاری دەرکرنی دراڵە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییوە بە دەستپێشخەریی و بریاری ئەمریکا، چی بە کشانەوەی و چ بە زەبری هێز.. سەدام چانسی دووهەمی هەڵبژارد.. کە بریاری گەردەلوولی بیابان پیادە کرا، هەموو بەرپرسانی ئەمریکا لە پێش هەموویانەوە سەرۆکی ئەمریکای ئەودەم (بوش) ی باوك، لە وتەو دیدارەکانیدا راستەو خۆ یان نا راستەو خۆ هانی خەلکی عیراقی ئەدا بە راپەرین دژی سەدام، تاکوو ئەو ئاستەی بە نەمانی ئەو (مترسف) نابێت. هێزێکی سەربازی زیاتر لە (30) دەوڵەتی رۆژئاو وعەربی، بە سەرۆکایەتی وسەرپەرشتی ئەمریکا وبەریتانیا و، پشتراست بە بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ورای گشتی جیهانی وگشت بەرهەلستکارانی ناوخۆ، بریاری لێدانی هێزەکانی سەدام بدەن، دەبێت چارە نووسی ئەوسوپا وئە و رژیمە چی لێ بێت. جا ئەگەر ئەمە چرای کەسك نەبێت بوَ خەڵکی عێراق وهیزە بەرهەڵستکارەکانی رژیمی سەدام، دەبێت چی بێت.. ؟، واتە هەلە خولقاوەکە و خیتابی هاوپەیمان بۆ گەلانی عێراق وهێزەکانی لەمەر هەڵسانیان دژی رژیم، زەمینە خۆشکەر وپاڵدەری پێویست وکاریگەر بوو بۆ راپەرینی گەلانی عێراق..

هاوڵاتی: کاك جەوهەر تۆ بە حوکمی ئەوەی ئەوکاتە لە پایەی سیاسی کوردا دەسەڵاتت هەبوو، ئەوکات ئەمریکا ئێوەی ئاگادار کردەوە کە راپەرین دەسپیکەن.. ؟
جەوهەر نامیق: نەخیر، باوەر ناکەم بەو زەق ورووونیە لایەنە سیاسیەکان ئاگادارکرابنەوە کە راپەرین بکەن، لە کۆتایی ساڵی 1989دا بەرەی کوردستانی بەرنامەی (ئەگەرەکانی) ئامادە کردبوو، یەك لەو ئەگەرانە هاندانی خەڵکی کوردستان بوو بوَ ریکخستنەوەی ریزەکانی وسوود وەرگرتن لە دەرئەنجامەکانی شەری هەشتساڵەی عێراق وئیران... پاش شەری کویت هەلێکی لە بار هاتە پێشەوە وخیتابی سەرانی ئەمریکایش بۆ گەلانی عێراق روون بوو.... .... .... . مەبەستی من لەو رستەیە زیاتر بۆ

ئەوە بوو كە: مەرج نیە خویندنەوەی هێزێك یان هیزەكانی بەرهەڵستكاری عێراق و، كورد بە تەحدید، بۆ خیتاب و تاكتیك وئیستراتیجیەتی زل هێزەكان، هەموو جار راست بێت ودەرئەنجامی راپەرین یەك لەو ئیجرائاتە نا درووستانە بوو، كورد وشیعە بە تەحدید تووشی زەرەر و زیانێكی گەورە بوون و كۆرەوە ملیونەكەی لێ كەوتەوە نزیكەی 12 ساڵ تەمەنی رژێمی سەدامی درێژ كرد، و تەوژمی ئیرهاب وتوندرەوی ودەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و مەزهەبی لەعێراق زیاد وتەسبیت كرد، ئەوە 3 ساڵە سەدام نەماوە، وگەلانی العراق وخودی ئەمریكا خوَشی وا گیرودەی بوونە... واتە پیویستە شتەكان وەكوو خۆی بخرێنە روو، لە دەوری فاكتەری دەرەكی لە راپەرین بە سەركەوتنەكان ونسكۆكەشیەوە...

هاوڵاتی: ئەگەر ئەمریكا تا ئەم حالەتەی كەمن و توَی تیائەژین، لە گەڵ راپەرین نەبوایە، تۆ پێت وابوو ئەم سیاسیانەی كورد لە شاخەوە دەهاتنە ناو شار.. ؟
جەوهەر نامیق: بە پێی خوێندنەوەی ئەو سەردەمە و بارو دوَخی پێش شەڕی كوێت وبڕیارەكانی كومەڵكای نێودەوڵەتی و ئۆپراسیونی گەردەلوولی بیابان، نەخیر.

هاوڵاتی: بە پێچەوانەی هەموو سیاسیەكانەوە، تۆ پێت وایە ئەمریكا داگیر كەرو لە عێراقیش مقاوەمە هەیە؟ كە چی سیاسیەكانی تر ئەمریكا بە دوَستی كورد ئەزانن.. ؟
جەوهەر نامیق: پرسیارەكە لە جیگای خویدا بوو. منیش ئەمریكام بە دوَست وهاوپەیمانی كورد پێناسە كردووە.. بەڵام دوور نییە لە ناوەروَك ومەودای دو سَتایەتی وهاوپەیمانیەتی جیاوازیمان هەبێت. منیش ئەمریكام بە رزگاركەری گەلانی كۆماری عێراق لە قەڵەم داوە، ئەوانیش نەبوایە دوور نەبوو تاكوو ئێستایش سەدام لە دەسەڵاتدا بوایە. ئەمریكا داگیر كەری عێراق بوو. ؟. بەڵی راستە. ئەوكات كە بە راشكاوی بە نووسین ئەمریكام بە داگیركەر ی عێراق ناو زەد كرد، ئەوە واقیع وراستیە مەیدانی و یاسایی ناوخۆ و نێودەوڵەتەكەی بوو. سەرۆكی ئەمریكا خۆی و لێپرسراوانی ئەمریكا خۆیان بە فەرمی داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەلەوَتی كرد، كە بریاری داگیركردنی عێراقیان بۆ بدات. بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 1483 لە 2003/5/22، هەر وەها لە پاش ئەوەش بەتایبەتی بڕیاری
1511 لە 16/ت 2003/2، وادەڵێت.... خۆ ئێمە لە مەلیك مەلیكتر نابین... حەز وعاتیفە شتێكەو واقیع و بارودۆخی یاسایی شتێكی تر.
موقاوەمە ئەو كات وئێستا لە عێراقدا هەیە.. ؟ بەڵی ئیرهاب ومقاوەمە هەیە، ئێستاش ئێژم تاكوو ئەمریكا لە عێراقدا بمێنیت مقاوەمە هەر دەمێنیت.. دوور نییە سروشت وئامرازەكانی بێتە گۆرین..
كاتێ كە من وتم ونووسیم زۆر لە سیاسەتمەدارانی كورد قەلس ونیگەران دەبوون، (دوور نییە بەوەی ئێستایشەوە) . ماوەیەكی زۆرە ئەمریكا خۆی دانی بەو مقاوەمەیەدا ناوە، لە گەڵیدا گفتۆگۆ دەكات، بە مقاوەمەی چەكداریشەوە وهەندێكی هێناوەتە نێو گەمە سیاسیەكەی و و ا خەریكی ئەوانی ترە.. نەك هەر ئەوندە، بەلكوو ئەمرۆ لە لوتكەی دەسەڵاتی كوردی ولە بەردەم كەناڵەكانی تەلفزیوونی كوردی وعێراق و جیهانیدا، باسی (مقاوەمە شەریفە) دەكەن لە عێراقدا.

هاوڵاتی: سیاسیەكانی كورد بۆ ئەمە ناڵین؟ پێیان وایە سیاسەت دەكەن.. ؟
جەوهەر نامیق: دوور نییە زاراوەی (داگیركەر) یان (داگیركردن) لەفەرهەنگی هەندێ لە سیاسیەكانمان سڕابێتەوە بە حوكمی درێژخایەنی داگیركردنی گەل ونیشتمانمان... دوور نسیە هەندێكیان راهاتبن لەسەری... یان هەنیدێكیان وەكو پێزان وشوكرانە.. بە هەر حاڵ، بۆ خۆیان مەترووكە... نكۆڵی كردن لە واقعی یاسایی وعەمەلی داگیر كردنی عێراق لە لایەن ئەمریكاوە لەو سەردەمەدا بە تایبەتی، گوایە

ئەمە سیاسەت بێت، ئەگەر وایش بێت هیچ لەو اقیعی ئ یَمە وتەبیعەتی حالە یاسایی وسیاسیەکە ناگۆڕێت... سیاسەت واقیع و ئەخلاقە.. هەتاکوو ئەگەر سیاسەت بە مانای تەعبیر بێت لە بەرژەوەندی.. من یەرژەوەندی گەلی خۆم لەوەدا دەبینی کە راستەو خۆ بکەومە گفتوگۆ لەگەڵ هیزی داگیر کەردا، چونکە ئەو دەسەلاتدارەو بە پێی یاسا وریسا نێو دەوڵەتیەکان بەر پرسیارە لە دابین کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی لەو بارودوَخەدا... دیسان ئەیلێیمەوە بۆ دەبێت ئێمە لە مەلیك مەلەکی تر بین؟ نکو ـَلی واقعی یاسایی وسیاسی حەقیقەتی داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق، چ بەرژەوەندیەکی کوردی تێدایە غەیری خۆمان و خەڵکی خۆمان چەواشەکردن... سیاسەت ئەخلاقە، ئەوەی کە رەچاوی ئەم لایەنە نەکات، سیاسەتیش نییە، ئەوەی سیاسەتیشی نەبێت، کێشەیشی نییە...

هاولاتی: حوکمی زاتی زۆربەی لایەنە سیاسیەکان وکوردەکانی باشور شانازی پێوە دەکەن، بەڵام تۆ بە حوکمێکی کارتوَنی باسی دەکەی؟
جەوهەر نامیق: مەبەستت حوکمە زاتیە کارتونیەکەی سەدامی (1974) ە. ؟

هاولاتی: بەڵێ.
جەوهەر نامیق: لای من ولای ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمدار و خەڵکی ئێمە کارتونیە و بەتەئکید کارتوونی بوو.. خەڵکی دیکەش چۆن تەمشای کردووە، ئەوە کەیفی خوَیانە..

هاولاتی: باوەرت بە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە هەیە، کە پارتی ویەکێتی بەجدی یەکتری قەبووڵ بکەن وبێن کار بکەن بۆ خەڵك؟
جەوهەر نامیق: پێشەکی، بەش بە حالی خۆم خۆشحالم بەم هەنگاوە. ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازم. وەکو دەزانن هەرلە سەرەتای سەرهەڵدانی شەرو دابەش کردنی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دوو ئیدارە، یەك لەو بەرپرسانە بووم هەوڵی جدیمان دا بۆ راوەستانی ئەو نەزیفە و بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە.. لەم قۆناغەدا پارتی ویەکێتی لە ئەگەری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ئەگەری باشتریان لە بەردەمدا نەمابوو، چونکە جگە لە داکووکی نەتەوەی کورد ودو َستانی لە یەکگرتنەوە و فشاری جەماوەری کوردستانی باشوور بە تەحدید، دەستووری هەمیشەیی عێراق، سەبارە ت دانپێنانی بە و هەرێمەکە (پێناسە کراوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، هیچ ئەگەرێکی تری نەهێشتۆتەوە بۆیان غەیری (فیدرالیەتی پاریزگاکان) . هەروەها کێشەی هەڵویست لە چارەنووسی ناوچە بەعەربکراوەکانمان و، کومَەڵە هوکارێکی تریش...
ئەم هەنگاوە تاکو ئێرە باشە، بەڵام بەس نییە... نەك هەر بۆ خودی پرۆسەکە بەوکەم کورتیەوە. دابەش بونی ئیدارە ئەنجام بوو نەك هۆکار. هۆکاریش هەر وەکوو هەموولایەك موتەفیقن لە سەری، کێشەی دەسەلاتە.. تاکوو ئەمرۆ کوردستان دابەشە لە نێوان دووسەرکردە ودوو سەرکردایەتیدا دوو جۆری بیرکردنەوە ودوو ناوەندی بریار و دووئامرازی جێبەجێکەر...
هەولدرا بە شەرِ حەسم بکرێت نەکرا، بە هەڵبژاردن حەسم بکرێت نەکرا، بە دابەشبوون حەسم نەکرا. ماوەیەکەبە یەکخستنی هەڵویست لە مەر کێشە هاوبەشەکان، بە تەجمیدی ململانێ وهەنگاوی یەکەمی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کە، سەرەرای ئەمانە هەر هەموو گەندەڵی حیزبی وئیداریی هەردوو لاو دابڕانیان لە خەڵك و گلەو گازندەو خوپیشاندان وتەوژمی نارەزایی، بە تەئکید، تەنگی زیاتر بە سەرکردایەتی هەردوولا هەڵچنیوە، رەوشەکە گەیشتوەتە قوَناغی ئەمرۆ، ئەگەر لیم قەبوول کەن وکەس زیز نەبێت لێمان، ئەم (زەواجە موتعە) یە کافی نییە.. بە هەرحاڵ خۆشحالم بەم هەنگاوە..

هاولاتی: یانی یەکگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە زیاتر تەمسیل کردنە.. ؟
جەوهەر نامیق: من بەو شێوەیە تەمشای ناکەم ونایبینم. گوتم ئەم یەکگرتنەوەیە بەو شێوەیە کە راگەیەندراوە ولە رێگای راگەیندنەکانەوە ئاگادارم، هەنگاوێکە وهەنگاوێکی باشیشە، بەلام نابێت ئیدی بشتی خویَان بکەنەوەو بلێن تەواو. حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ ئابووری ودارایییەکی یەکگرتوو، بۆ یەك هێزی ناوخۆو ئاسیشی یەکگرتوو، بۆ یەك مەلبەندی یەکگرتووی پیشمەرگە، بۆ یەك دەسەلاتی دادوەری. دیاردەیەکی نەشازە ئەگەر هاتوو زوو حەسم نەکرێت، ئەمە رای تویژێکی فراوانی جادەی کوردستانە، لە پال داخوازی وگلەیی و گازندەکانی تر، کە دەبێت بە جدی ئاوری لی بدرێتەوە، ئەگینا باوەر ناکەم خەلکی ئیدی بۆ هەلویست بن. لە گەل ئەوەشدا بەش بەحالی خۆم بە گەشبینی تەماشی پرو َسەکە دەکەم وئەستنگەکانیش تێدەگەم ولە گەل ئەوەیشم کە قۆناغی هەزار میل بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکات..

هاولاتی: پێت وایە فیدرالی چارە سەرە بۆ ئێمە.. ؟
جەوهەر نامیق: نەخێر.

هاولاتی: چۆن؟
جەوهەر نامیق: کورد کێشەیەکی هەیە پیێ ئیێژن (کێشەی کورد ) . پەرلەمانی کوردستان لە 10/4/ سالی 1992، بۆ ئەو قۆناغە، بریاری فیدرالیەتی دا، وەکووجۆری پەیوەندی لە گەل ناوەندی بەغدا، پاش ئەوە و بە تەحدید پاش 2003/3/19، کەم کرا زۆر نەکرا، یان دوا خرا...
دەبوو لەویەوە دەستمان پێ بکردایە، کە پێمان دەکرا. وای بۆ دەچم دەکرا رۆژانی یەکەمی پرۆسەی رزگاری عێراق زۆربەی زۆری ناوچە تەعریبکراوەکانمان رزگار کردبایە، بە کەرکوکیشەوە وەکو خانەقین... کەئەمریکا بە فەرمی وبە بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی رۆل وسروشتی تەواجدی خۆی گۆری لە هێز ودەسەلاتێکی رزگاریکەر بۆ هێز ودەسەلاتێکی داگیر کەر، لایەنی کوردی وەکوو دەسەلاتێکی باوەر پێ کراو و دیفاکتۆی ئەو دەم (1991-2003) ، راستەوخۆ داوای دانووستاندنی بکردایە لەگەلێدا، ئەمریکا وەکوو هێز ودەسەلاتی داگیر کەر، کوردیش وەکوو، خاوەن کێشەیەك وکیان و واقعێکی باوەر پی کراو و دەسەلاتیکی هەلبژێرداو، وەکوو هەردوولایش کۆکن لەسەر هاوپەیمانی یەکتر، نەك وەکوو هاولاتیەکی عێراقی. ئەمەش بوو زیاتر پالی بەمنەوە نا تەرکیز لە سەر (داگیر) کەر بکەم...

هاولاتی: ئەلێن ئەمریکا رازی نەدەبوو؟
جەوهەر نامیق: با بە فەرمی ئەمریکا ئەو داخوازیەی کوردی رەتکردبایەتەوە... کێشەکە کەوتە نێوان لایەنی کوردی ولایەنی عەربی عێراق. لایەنی عەرەبیش بە رەگەز وبە ئاینزا، نە مافی چارەنووسی کورد هەزم دەکەن ونە ئەو فیدرالیەتەی کە کورد گەرەکیەتی بە مێشیکدا دەچێت، هەتاکوو لەم لاوازی وبێ دەسەلاتیەیانەشاندا... بەش بەحالی خۆم لە زنجیرە وتارێکدا سالانی 2004 و2005 لە رۆژنامە و سایتەکانی کوردی لە کوردستان وە دەرەوەی کوردستاندا بە تەفێیل ماددە وبرگەکانی پەیوەندار بە فیدرالیەت ومافەکانمان لە (یاسای بەرێوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی گۆاستنەوە) ، شیکردەوە.. ئەو بابەتانە وچەند بابەتێکی تری پەیوندار چاپ کرایەوە لە دووتوێی کتێبێکم لە ژێر ناو نیشانی (ئایا فیدرالیەت وەك (خیار) ێکی سیاسی لە عێراق پیادە دەکرێت.. ؟) بلاوکرایەوە.

ناڵێم ئەو كات تاكو ئێستا هیچ نەكراوە لە لایەن لایەنە سیاسیەكانی كوردستانەوە، بەڵام نە (فیدرالیەت) ی پاریزگاكانی بریمەر و ئەنجوومەنی دەسەلاتی كاتی سەردەمی خۆی، ونە ئەوەی لە یاسای (بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەت) دا تەسبیت كراوە وچی ئەوەی لە دەستووری هەمیشەی كۆماری عێراقدا بوو بە ماڵ بە سەر خەڵكی كوردستان تاكوو ئێستا، ناوەرۆكی ئەو فیدرالیەتە نییە كە كورد دەیەوێت یان لە رووی زانستیەوە پیناسە دەكرێت... (قەولەئەم بابەتانەلەم رۆژانەدا وەكوو كتێبێك بخەینە بەردەستی هاوڵاتیانی كوردستانی شیرینم. ) هەر بۆ نموونە تەماشا كە: هەتاكوو ئەوەی كە ئێستا لایەنی كوردی ناویان لی ناوە (عێراقی فیدراڵ) و (وەزیری فیدرال) و (سەرۆك كۆماری عێراقی فیدرال) ... ئاوازێكە خومان بۆ خومانی ئەیژەنین.. كێ گویێ لێ بووە لایەنێكی عەربی عێراق لە ئاستی دەوڵەت و كیان وتاك، خۆی یان لیپرسراوێكی دەسەلاتی ناوەند، وا پێناسە وباسی بكات.. فیدرالیەت لە نێوان دوو كیان یان زیاتردا ئەوە نیوە هەریموكەكەی ئێمە، با لایەكی بێت، ئەی لاكەی تری كوێیە؟

هاوڵاتی: تۆ زۆر رەشبینی لە مەسەلەی كورددا، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە سیاسیەكان دەناسی بێتوانان، یان پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەمریكا ریگرە لە بەردەم خەونی كورددا؟

جەوهەر نامیق: هیچ كات رەشبین نەبوومە و نابم لە مەڕ كێشەی كورددا، نەك ئەمرۆ بەلكوو لە تاریك ونالەبارترین چركەكانیدا، لە گەڵ زۆربەی زۆری بەر پرسەكانیش دۆست و هەڤالین... بۆ كێشەی میللەتان كەم جار هەل هەڵدەكەویت، هەلیش وەكوو تیغ وایە، نەیبریت دەتبرێت. ئێمەی كورد بەرژەوندی خۆمان هەیەو خەڵكی تر و ئەمریكایش هەروەها و هەریەكیش بە پێی توانا و قەبارەو ئەولەویاتی خۆی تەمشای ئەو پەرژەوندیە دەكات.. لێرەدا دوور نیە خوێندنەوەكان وەكوو یەك نەب... گومان نییە ئەمریكا نایەت لەسەر سینیەكی ئاڵتوون بلێت كوردی (ئازاو وشێر و وەفادار ساموراى سەدەی 21 و خانەدان وناندەروسفرە رازاوەو ئامادەباشی بێ قەید وشەرت.. ) فەرموو ئەوەمافەكانتە! چ هێزیك لە دونیادا (زل) یان (فەل) حەز ناكات لەگەڵ خەلكانێكدا ئیش بكات، یان بە كاریان بێنیت بێ قەید وشەرت وفزەیان لێوە نەییت وبەهەمووشت رازی بن و...

هاوڵاتی: ئەی چی بەوانە دەڵییت كە هەر پاش تەواو بوونی رەشنووسی دەستووری هەمیشەی لەبەرامبەر راگەیاندنەكانی كوردستان وتیان (98%) ی داخۆازیەكانی كورد لەدەستووری هەمیشەییدا تەسبیت بووە.. ؟

جەوهەر نامیق: باوەر ناكەم كەسێكی وەها هەبێت وەكوو ئاگادار ولیپرسراو لەو باوەردابێت.

هاوڵاتی: ئەمە لیدوانی ئازاد بەرواری، ئەندامی مەكتبی سیاسی پارتی ویەك لە ئەندامانی شاندی كوردستان بوو لە بەغدا.. ئەو ئاگادار ولیپرسراو نییە.. ؟

جەوهەر نامیق: بەڵی، بەڵام باوەر ناكەم لایەنێك یا چەند لایەنێك هەبێت، لە كاتی تەسلیم بوونیش بە لایەنی سەركەوتوو یان بەرامبەردا، ئامادەبێت 98% ی داخۆازیەكانی پەسند كات! دەگەرێیمەوە بۆ پرسیارەكەت، دووپاتی دەكەمەوە، دوور نییە خوێندەوەی جودامان هەبێت لەم بارەیەوە، بنەمای خوێندنەوەكەمانیش دەگەرێتەوە بۆ كومەڵێك فاكتەری جیا جیا، یەك لەوان سوور بوون لە سەر فاكتەری دەرەكی و زل هێز وگەمە گەورەكان وخۆ بەدەستەوەدان بە سیاسەتی رۆژ ورازی بوون بەوە ی هەیە.. ئەمەمش یەك لە بنەماو كەلتووری بیرو بۆچوونی قۆناغی شەڕی ساردەو لۆژیكی سیاسەتی (السهل الممتع) ە.

هاوڵاتی: تا ئێستەش.. ؟

جەوهەر نامیق: بەڵێ. زۆربەی هەرەزۆری سیاسەتمەدارانی کورد، قوتابی و دەرچووی ئەو قوتابخانەن، زۆربەی زۆریان توانای ئەوەیان نییە خۆیان قورتار بکەن لەو بنەمایە، قەناعەتێکی وەها هەیە ئەگەر فاکتەری دەرەکی نەبێت، تۆ هیچیت پی ناکرێت.. ئەگەر ئەمریکا نەبێت کورد هیچی پێ ناکریت. کە پێیان ئەڵێیت، مەگەر ئەمریکا نەبوو نەك جارێك بەلکوو چەند جار دەستخەڕەی کردین؟ ئەڵێن گۆڕاوە! بەڵی گۆڕاوە، بەڵام (ستوونی) نەك (ئاسۆیی) . کەس نییە هەست بە زەبەلاحی ئەمریکا نەکا وهەر وەها بە توانایی، بەلام لەهەمان کات دەبێت تەماشای بەرژەوەندیەکان بکات.. کەس نییە حەز لە (حوبێکی) وەها نەکات، بەلام (دوو تەرفە) نەك (حوبێکی یەك تەرفە) . ئەگەر وابێت مەگەر هەر ئەمریکا نەبوو لە پێش 3 سال لە (عێراق) ، ئەوەی هەر حیسابی بۆ نەدەکرد ئێستا مامە حەمەیی بۆ دەکات. تەماشاکەن چ پاشەکشەیەك بە ئەمریکا کرا بەهۆی هەندێك وڵات و لایەن وتاقمەوە، کە زۆربەیان تاوانبارو دژ بە خەڵکی ئەم عێراقەن.. نەکیانی کوردی، نە مافی چارەنووسی کورد، نە دەوڵەتی کوردی، نە فیدرالیەتی (راستەقینە) ونە ناراستەقینە، گرفتی ئەمریکا نییەو، لە دیدی ئێمە لە غەیری مافی هاوڵاتی (وەکوو عێراقیەکی رژیماوی) چی تر ناخوێنیتەوە...

هاوڵاتی: بەم حاڵەوەکە ئەمریکا لە گەڵ کوردی دەکا، لاوازی سیاسیەکانی ئێمەش بۆ خوێندنەوەی رووداوەکان، ئەمە وا دەکات بتوانین بڵێن کەرکوك دەگەڕێتەوە سەر کوردستان؟

جەوهەر نامیق: پێشەکی با خراپ لە قسەکانی ئێمە تێنەگەن، ئێمە ئەمریکا بە دۆژمن پێناسە ناکەین، بەلکوو بە دۆست.. بەلام دوستایەتیش حەق و حقوقی هەیە، ئامادەنەباشی خۆت وسازشکاری خۆت (هەرچی بێت هۆ کاری) فرەێ مەدە سەر شانی دۆستی خۆت.. ئەگەر لەسەر ئەم کێشەیە یان ئەوی تر لایەنی کوردی سووربایە لەسەری و بیوتایە نە ، ئەمریکا کیمیابارانی نەدەکرد. من نایەژم سیاسیەکانمان لاوازن، بەلکوو خویندنەوەکان جیاوازن. کەرکوك وگشت ناوچە بەعەربکراوەکانمان جەغزی پرسی کوردە. ئەوانەی خەو بە مانەوەی ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەبینن، بێ حەسمکردنی ئەو ناوچانەو گەرانەوەیان بۆ باوشی هەرێمی کوردستان، خەوی حوشترە چونکە:

کام لایەن و کام سەرکردەو کێ بێت ئەوەی، جورئەتی ئەوە بکات لەسنوری نزیکەی (50%) ی خاك و خەڵکی کوردستانی باشور پشت گوێ خات و کێشەکەی دواخات یان مرداروڵەبیری کات؟

بودەست کەوتێکی روژانەی وەکو ئەمروَ؟!

تەنها پانتای کەرکوك لەسنوری (20) هەزارکیلومەتری چوارگوشەیە، واتا نزیکەی دووجار بەئەندازەی پانتای وڵاتێك وەکو کومَاری لوبنان، چی هەڵایەکە لەسەر گوندێکی بچوك وەکو (مزارع شبعا) .

ئێمە باسی سەروەت و سامان و گشت ناوچە بە عەرەب کراوەکانی ترمان ناکەین، نەك تەنها وەك سنور وڵات، بەڵکو وەکو پشتوێنێکی ئەمنی بوَ خودی ئەم (هەرێموکە کارتونیەی ئەمروَمان کە زورَ کەس بە دارول ئەمان و هێلانەی ئەلبەقایان داناوە) .... !

لەسەرەتای پروَسەی رزگاری عێراقەوە تاکوو ئێستایش وتوومە وئەیڵێمەوە، بە پێی (مادە 58) و بە ترحیلکردنیشی بۆ دەستووری هەمیشەی عێراق (ماددەی (140)) ، وبە پێی عەقلیەت وهەڵویستی ئەوانەی ئەو دەستوورەیان پێشنیار کردووە وپاشان پەسندیان کردووە زۆرینەی عەربی باڵادەست لە کۆماری عێراق وئەوەی راستەوخۆ گوێبیستی دەبین لە راگەیاندنەکان و رەوتی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بە پۆستە سیادیەکانی کوردیشەوە، لەمەڕ جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەو مادەیە، بە تایبەتی هەڵوێستیان لە پرسی تەعریب وئەو گورانکاریەی کە بەسەر ئەم دیاردەیەدا هاتووەو، سنووری هەرێمی کوردستان، گومان لەوەدا نەماوە کە کە رکوك بە تایبەتی و زۆر لە ناوچە تەعریبکراوەکانی ترمان، موحالە بگەرینەوە بۆ باوشی هەرێمی کوردستان. مەگەر لە هەل وبە شێوەیەکی تر..

هاولاتی: سەرانی سیاسی کورد ئەڵێن پیکهاتووین لەگەڵ لایەنەکانی نێو پەرلەمانی عێراق لە سەر ماددەی (58) وتاکوو 2007/12/31 دەبێت هەمووشت تەواو بێت، چ ئەڵێیت... ؟

جەوهەر نامیق: لایەنەکان بە گشتی هەر لە سەردەمی ئەنجوومەنی کاتی و حکومەتەکی بەڕێز د. ایاد عەلاوی وپاشان حکومەتەکەی ئێستای بەڕێز (د. ابرهيم الجعفری) دا بە ئەمریکایشەوە، نکۆڵی لەوە نەکراوە مادده (58) جێبەجێ ناکەن.. خیلافەکە لەوەیە کەی دەیکەن وچۆن دەیکەن حەسم لە کێۆیە! سەرانی کورد باسی خشتەیەکی زەمەنی دەکەن کە لەسەر حکومەتە لە کاتی پیکهاتنیدا هەنگاوی پێویست بنات بۆ جێبەجێ کردنی... خشتە کە باشە، بەڵام یاسا وماددەی دەستووری هەیە رێو رەسمی گۆرانکاریە بنەرەتیەکانی داناوە.. بریارەکەش لای زۆرینەی عەرەبی باڵادەستە. گەرانەوەی تەعریبچیەکان خۆی لە خۆی کێشەیەکی یاسایی وسیاسی ومەزهەبیە... گەرانەوەی کوردە تەهجیر و دەرکراو وئیبعاد کراوەکانمان کێشەیەکی دیکەیە، گەرانەوەی گوند وناحیەو قەزاکان ودابرانی لە پاریزگاکانی ئێستا، کاری پەرلەمانی عێراقە.. هەندێکی هێشتا یاسای بۆ دەرنەکراوە، باسی سەرژمێری وریفراندۆم دەکرێت، دڵنیام لە هەڵویستی خەڵکی خۆمان وئەنجامی ریفراندۆم، بەڵام کەس باسی ئەوە ناکات ئەی دوایی چی دەبێت، واتە پاش (ئاسایی کردنەوە وسەرژمێری و ریفراندۆم) ؟

سەرانی کورد باسی خشتە زەمنیەکە دەکەن و تاکوو (ریفراندۆم) بەڵام چارە نووسی کەرکووك وناوچە بەعەرەبکراوەکانمان بەوە تەواو نابێت، بەڵکوو هەر بە پێی برگە (ب) ی مادده (58) ، چارەنووسی ئەو ناوچانە بەندە بە بریاری ئەنجوومەنی نیوەرانی عێراق و بریارەکشیان بە زۆرینەی سادە دەبێت. هەروەها بە پێی مادده (114) ی دەستووری هەمیشەی دەبیت ئەنجوومەنی نێونەرانی عێراق لە شەش مانگ تێپە ر نەکات، لە رۆژی یەکەم دانیشتنیەوە، یاسایەك دانێت، بە زۆرینەی سادە بۆ دیاری کردنی رێکاری جێب جی َ کردنی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان. جگە لەوەش هەر لە دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران، لە ماوەی چوار مانگدا، بە گشت مادده وبرگەکانی دەستووری هەمیشەیی دا دەچێتەوە.. سەرەرای ئەمانە هەر هەمووی، سەرەرای ئەوەی هەر وەکوو ئاماژمان بۆ کرد پێشان کە نە حکوومەتی کاتی ونە حکومەتی گۆاستنەوە وبگرە حکومەتی ئایندەیش، نکۆلیان نەکردوە و نایکەن لە جێبەجێ کردنی مادده (58) بەڵام پرسیارەکە لەودایە ئایە:

چ بەندێکی دەستووری هەیە کە دەبێت لەم خولەی پەرلەمانی عێراق حەسم بکرێت؟ ئەوە خشتەیە کە باسی لیەوە دەکەن تاکوو ریفراندۆمە... ، من باسی عەقلیەت و تەرازوی هێزو فاکتەرەکانی دیکە ناکەم..

هاولاتی: ئەوگورانکاریەی کە بە سەر دیاردەی تەعریب دا هاتووە چییە.. ؟

جەوهەر نامیق: بە دیدی ئێمە تاکوو قوناغی رزگاری عێراق 2003، کێشەی تەعریب لە کوردستان بە گشتی ولە کەرکوك بە تایبەتی دەکرێت لە نیوان دوو کەواندا بڵین ململانێکی سیاسی بوو لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند، کە نوێنەری تۆیژێکی عەربی شوفینزمی سوونە بوو، لە پاش 2003، قولایی کێشەکە گۆرابۆ ململانیەکی سیاسی (لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند) ، رەگەزی (لەگەڵ تەعریبچیە عەربەکان) و مەزهەبی (لەگەڵ تەعریبچیە شیعەکان) . عەربی سوونە وعەربی شیعەی عێراق لە زۆر شت موختەلیفن، بەڵام هەردوولا بە زۆرینەیانەوە و بەعەلمانیەکانیشیانەوە، یەك هەڵویستن لە مەر پرسی تەعریب وسنووری کوردستان... ئەمەو زۆر هۆکاری دیکە وایکردووە ئەمرۆ کورد لە سەر شناسنامە لە ناوچە عەربیەکانی عێراق و ناوچە بەعەربکراوەکانیش دەکۆژرین.. باوەر ناکەم عەربی شیعە ومەزهەبیەکانیان بە تایبەتی وا بە هاسانی سەرەرمی خۆیان لە کەرکوك بکشێنەوە. مەزهەبی شیعە لە سنووری زیاتر (1300) ساڵی پێویست بوو تاکوو مەسافەی (156) کم ببرییت بۆ ئەوەی لە (کوفە) وە بگاتە ئەترافی بەغدا بەو چرییەی ئێستا، کە چی تەنها لە سنووری (38) ساڵی ویست تاکوو مەسافەی

(156كم + 250كم) =406كم ببرییت وجێگیر بێت بەو چرییە ئێستا لە كەركووك وئەترافی كەركووك و، لەوەش سرنج راكێشتر تەوژمی هەرە توندو گەورەی ئەم سیاسەتە رەگەزپەرەستی وتایفەگەریە لە لایەن رژێمی سەدامی دوژمنی كورد وشیعەوە، ئەنجام دراوە. عەربی سوونە وعەرەبی شیعە (مەزهەبی وعەلمانی) یان، خۆپیشاندان، كونگرە، كو بوونەوە، كۆری زۆریان كردووە وبەستووە دژ بە تاوانەكانی سەدام، و مەرجعیەتە مەزهەبیەكانیان بابەت ورووداو نەماوە فەتوای بۆ دەرنەكەن، كە چی تاكوو ئێستا هەر چی نەبێت ئەوە (3) ساڵە ئازادن نەك هەر خۆیان لە قەرەی تاوانی تەعریب نادەن، بەلكوو هاندەر وپشتیوانیان لە مانەوەو ئیمتیازاتی نوێوە لەو ناوچانە، تەعریبچیەكان بونەتە كارتی جوكەر بۆ ئەو لایەنانە..

هاوڵاتی: ئەو كێشەیەی لە نێوان كورد و (د. ابراهیم الجعفری) و شیعە هەیە پێت وانیە كێشەیەكی شەخسی بێت نەك سیاسی.. ؟
جەوهەر نامیق: هەرچەندە دوور نییە لایەنێكی شەخسی بێت، بەڵام ناكرێت ئێمەی كورد تەنها بەو چاوە تەماشای رووداوەكان بكەین. یان كەموو كوری لایەنی هاوپەیمانی كوردستانی لە بەغدا، سەبارەت بەقەیرانەكە وگەیاندنی بە (دیاردەی بەرێز. ابراهیم الجعفری) فەراموش كەین..
بەش بە حاڵی خۆم تەماشای رەوشەكە دەكەم وەكوو گرفتی (نەهجێك) و هەردوو لا، هەر یەك بەقەدە قەبارە وبەرپرسیارەتی، لیی بەرپرسیارن... خودی ئەم دیاردەیە دیدار وباسێكی تایبەتی دەویەت. لەگەڵ گرژی ودژایەتی كورد وشیعە نیم لە عێراق و نەدبوو لایەنی هاوپەیمانی كوردستانی بەوسەختی وگرانیەوە رووبەرووی قەیرانەكە ببنەوە، هێزی دیكە ولایەنی تر لەوان بە حیجە ترن و (الجعفری) یش بیانوەكەیەتی... ئەوانیش زۆر زۆرتر لە لایەنی كوردی بەهێزترو دەم و پشت راست ترن... شیعە وكو رد بە درێژایی ئەم عێراقە بەشخوراو وزوڵملێكراون. سیاسەت نە بەحەزە و نە بەسۆزە، ئەوەی تەنها وا كاری بۆ بكات دوور نیە توشی بریار و هەنگاوی نادروست بێت. سیاسەت بە كورتی بەرژەوەندیە، بەرژەوەندی كورد خۆی لە دژایەتی شیعە نابینێتەوە لە عێراق، بە تایبەتی لەم بارۆدخەدا دوور نییە هەردوولا زیاتر پێویستیان بە یەكتر هەبێت لەوەی دژایەتی یەكتر بكەن... چیوپۆلەتیكی كورد وشیعەی عێراق لە زۆر رووەوە چۆن یەكن... دەكرێت هەر خۆی ئەم باسە تەوەریكی تایبەتی بێت...

هاوڵاتی: ئێستە ئێمە پەرلەمانمان هەیە، خەڵكێكی زۆریش گلەییان لەو پەرلەمانە هەیەو زۆر جاریش بە ئوتێلی خەولێكەوتن ناوی دەبەن، تۆ وەك یەكەمین سەرۆكی پەرلەمان چۆن ئەم دەورەیە ئەبینی؟
جەوهەر نامیق: رێزمان هەیە بۆ پەرلەمانی كوردستان و ئەندامەكانی... باوەر ناكەم هێشتا ئەم دەورەیە وەكو پێویست هەلی بۆ رەخسابێت باشتر وكاریگەر تر رۆڵی خۆی ببینیت، هەروەها پەرلەمانێك لە قو ناخی قەتیس كردنی ململانێی سیاسی وحیزبایەتی، بەروارد ناكرێت لە گەڵ رۆلی پەرلەمانێكی زۆرینە وكەمینەو فرە مەنبەر ودەستكراوە بۆ ململانێی سیاسی وحیزبیەكان.... جگە لەمەش گۆرینی ئەندامانی پەرلەمانی خولی یەكەم بەو فراوانیە، لە رووی ئەزموونی پەرلەمانیەوە، سلبیاتی خۆی هەیە تاكوو ماوەیەك و ئەگەر مەبەست ئەندامێك یان زیاتر، لە كاتی دانیشتنەكانی پەرلەمان هەندێك خەویان بێت یان نوچەیەكی بۆ بكەن، سروشتیە.. لە پەرلەماناتی دیكەو كۆر كوبوونەوەی هەندێ درێژخایەن شتی وارووئەدات، لە گەڵ ئەوەش خەلكی كوردستان چاوەروانن..

هاوڵاتی: هەركەسی كە دەبێتە سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی دەس دەكا بە كوتلەو كوتلەبازی، تۆ بۆ ئەمەت نەكرد، باوەرت پیی نەبوو یان دەتزانی رۆژی دێ دەس لەو حزبە هەڵدەگری؟

جەوهەر نامیق: لە بنەڕەتدا باوەرم نەبوە بە کوتلەو کوتلە بازی و دەستووپێوەن وخزمووخزمکاری لە کاری حیزبایەتی وئیداریدا.... کێ باش وپاك وکەفو و بووە کەس وخزموو کتلەی من بوە. ئەساس کەفائەت وپاکی تاك وعەقلی بە کۆمەلە ً... ئەوەی باوەری بە خۆی و بە کەفائەتی کەسی تر بێت، پێویستی بە کتلەو وکوتلەبازی نیە..

هاوڵاتی: هەندی لەو انەی نزیکی تۆ بوون دوور خرانەوە ئەمەیان بۆ.. ؟
جەوهەر نامیق: لەوانە بپرسن کە وایان کردووە..

هاوڵاتی: بەشێکی زۆری هاورێکانی تۆ لە دەسەلاتا خەریکی گەندەڵین، ئێوە شۆڕشتان بۆ ئەوەکرد ئەمە کۆتایەکەی بێ.. ؟
جەوهەر نامیق:رێزم هەیە بۆ هاوریکانم.. نە لەگەڵ گەندەلی بوومە ونە لە گەلیشی دەبم، زۆر جاریش ئازاری داوم. جێگای داخە گەندلی حیزبی وسیاسی وئیداری بگاتە ئەو رادەیە کە سەرانی حیزب ولایەنەکان ودەزگاو دۆستانی میللەتەکەمان وتۆژێکی گەوەرە لە جادەی کوردستان باسی کەن، وا دەرئەنجامی شوَڕشی میللەتەکەمان وخۆینی شەهیدان وجنیوسایدی هەڵەبجەوە وئەنفالەکان وتەهجیر وتەعریب وگوَرانی قەوارەی نەتەوایەتی وراپەرین و کۆرەوە ملیونەکەمان وگشت ئێش وئازاری میللەتەکەمان، کە لە یەکەم هەنگاوی نیمچە ئازادیەوە لەبەر خاتری چەند چاو برسی ونەفس نزم وخۆویست وهەلپەرەست بەم شێوەیە تەمشا بکرێت. بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە رەفتار و خوو رەوشتە دەبێتە مایەی هەرەس ورووداوی کەمەر شکێن و مێژویش پر لە پەندو عیبرەتە...

هاوڵاتی: بەس ئەمانە بەرهەمی شورشن، خۆ ئەگەر دەس ببەی بۆ گەندەڵەکان، بەر لە هەموو شتێ دەبی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە دەس پێکەی، زۆریان بازرگان وفولن، بەراستی ئەو حزبەی کە تۆ گەنجێەتی خۆت لە سەردانا، بەشێکە لە گەندەڵیەکە؟
جەوهەر نامیق: بەرپرسانی حیزبی وبەتەحدید لە کوردستاندا، وەکوو خەڵکی دیکە مافی خۆیانە هەوڵی مەشروعی باشکردنی باری ژیانی خۆیان وماڵ ومندالیان بدەن. بەڵام هەمووشت بە خوێ و خوێش بەمیقدار. بەرپرسی حیزبی یان سیاسی یان ئیداری بەرز، یان دەبێت سیاسەت وحیزبایەتی بکات یان بازرگانی و کۆکردنەوەی سەروەت وسامان هەردوو پیکەوە ناکرێت. ئەوەی هەردوو بکات دوور نییە تووشی عەیبە بێت لە ئەنجام دەبێت مەیلی بە لای یەکێکیانیدا بشکێتەوە. بە پێ غەریزەی ئینسان زۆر جارمەیلی بەرژەوەندی ماددی زاڵ دەبێت، ئەمش سنووری بۆ نییە... دیاردەی نا دادوەریەکان رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبێت.. ئەوانەی کە خولیایی سەروەت و سامانن، زۆر جار لە خەتی سوور ئەدن، چونکە ئەم حەزە سنووری بۆ نییە. خۆا بمانپارێزیت وهیدایەتی هەموولایەك بدات بۆ جڵەوکردنی حەزەکان...

هاوڵاتی: بەشێك لە کادیرانی پارتی گلەیی ئەوەیان هەیە دەستت لەکارکێشایەوە لە پارتی و ئەوانیش چاوەرانی شتی زۆریان دەکرد لە تۆ؟ ئەوان کەوتنە پەراوێزەوە ولە ناو مەکتەبی سیاسی پارتیشدا زۆرجار لەوانە ئەدری... ؟
جەوهەر نامیق: سوپاسی بێ پایان بۆ ئەو تێکۆشەرانە... رجام وایە لیمببورن جێگای داخە کە هەندێ لەوانە، ئەگەر وابێت، پەراوێزبکرین. هەمیشە لە خزمەتی کێشەی میللەتی خۆماندایین.

هاوڵاتی: لە سەر گەندەڵی چی دەڵێت؟

جەوهەر نامیق: چی ما بێژم؟ ئەوە نییە هەموو باسی گەندەڵی دەکەن؟ لای من دووشت لەم بارییەوە سەیرە، یەکەم هەندێ لە وانەی زۆربێژن لەسەر گەندەڵی حیزبی وئیداری، ئەوانەن کە (ژەڤکەتن) ی گەندەڵین، و دوهەمیشی ئەوانەن کە بوونی گەندەڵی بە دیاردەیەکی جیهانی پاساو ئەدەنەوە، واتە بە عەولەمە کردنی... واتە پاساوی گەندەڵی بە گەندەڵی... پێم باش نییە گەندەڵی بە رەمەکی (تعمیم بکرێت) ..

هاوڵاتی: تۆ ئەم گەندەلێەتە قبول نەبوو بۆیە کشایتەوە؟
جەوهەر نامیق: بەش بەحاڵی خۆم هەمیشە هەوڵم داوە خۆم لە گەندەڵی بپارێزم. نازانم چەند سەرکوتووبوومە. ئەگەر چی کشانەوەی ئێمە هۆو هۆکاری دیکە بوو و، دیارە زەمینەشی بۆ خۆشکرابوو، بەڵام ناکرێت ئینکاری کەم....

هاوڵاتی: چی بوو هۆکارەکانی تر؟
جەوهەر نامیق: کاتی ئەوە نییە.

هاوڵاتی: تەنها یەکێکیان؟
جەوهەر نامیق: رەنگە هەندێ شتم قەبووڵ نەکردبێ.

هاوڵاتی: لە چاوپێکەوتنێکمان لە گەڵ فازل میرانی، لێم پرسی کێشەی کاك جەوهەر چی بوو، ئەو وتی کێشەی ریکخستن وحزب بوو، ئایا وایە؟
جەوهەر نامیق: وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە. لەگەڵ ئەوەش هەموو کادیرانی پارتی ئەزانن هەمیشە لەگەڵ بەهێزکردنی ریکخستن و دسپلینی پارتایەتی وریزگرتن لە بنەماکانی بوومە، هێشتا کورد زۆری ماوە حیزب وەکوو یەك لە ئامرازە هەرە گەورەو کاریگەریەکانی خەباتی نەتەوایەتی کۆمەڵایتمان بەرەڵا بکرێت و ببێت بە دەزگایەکی ئیستیعاب وناوندیکی مشەخۆری وپەراوێز کراو. هەیبەت وهێزی وزەی هەر دەسەڵاتێك بە هەیبەت وهێزو و زەی ئامرازەکەیەتی، و لە مێژ زەمانەوە تاکوو ئەمرۆ عەقلی بەشەریەت بۆ سەرپەرشتی تێکوشانی خەڵك وەدەستهێنان وئەم دەست و ئەودەستی دەسەڵات و گۆرینی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری وروشنبیری... لە غەیری حیزب ئەدات وئامرازێکی باشتری نەدۆزیتەوە، ئەم هاوکێشەش بۆ گەل و نەتەوەیەکی بن دەست وپارچەپارچەکراو حەسم نەبوونی چارەنووسی وەکو کورد گرنگ وئەهمیەتی تایبەتی وحەیاتی خۆی هەیە....

هاوڵاتی: بە نیاز نین حزبێك دامەزرێنی؟
جەوهەر نامیق: هەمیشە دژی بچر بچری بزافی رزگاری خوازی میللەتەکەمم. ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی بە حیزبێکی تر کێشەکەی دەچێتە پێش وحەل دەبێت وبگەمە ئەو قەناعەتە بۆ نە؟..

هاوڵاتی: هەست دەکری َ ئاستی جەماوەری پارتی ویەکیتی روو لە کزیە لە بەر چەند مەسەلەیەك، پێت وانیە کاتی درووست بوونی حزبێك وەك بەدیل هاتووە؟
جەوهەر نامیق: ولاْ دیاریدەیەکی نسبیە، واتە رەها نییە. هەتاکوو لەرووی ئاینشەوە تەماشای کەیت. خودا خالیقی هەموو ئەم کەون ومرۆڤانەیە، بوونی و رزق ودوارۆژی بە دەستی ئەوە، کە چی ئەو هەموو خوانەناسیە دەبینین ودەیبیسین. ئەی چون ولاْ بۆ تاکی ئینسان و بۆ حیزب دەبێت رەها بێت هەتا هەتا بێت؟ کاری باش بکەیت خەڵکت لە گەڵدا دەبێت، وەڵامی پرس وداخۆازیەکانی مەدەرەوە دوور کەویتەوە

لیێ دوور دەکەونەوە لێت، لەگەڵیان بیت لەگەڵت دەبن، دژیان بێت دژت دەبن. ئەمەش جەدەلیەتی ژیانە...